# پاش، پێش زمانی ستاندار

**عەباس شوان- فینلاند**

هێژا **موحسن جوامێر**، وەک نووسەرێکی بواری زمانەوانی و بەرگریکارێکی سەرسەختی زمانی ستاندار دەرکەوتووە. لەو پێناوەدا نەیارانێکی زۆری بۆ پەیدا بووە، لەسەرەتاوە کە مەسەلەی ستاندارکردنی زمانی وروژاند، چەند کەس لێی کەوتنە تەقە، گوایە ئەم مرۆڤە تەوژمێکی ئیسلامی لەدواوەیە، خوازیاری هێشتنەوەی زمانی کوردییە بەشێوە باوەکەی، پیتی کوردی ناسراو بە ئارامی.. دواتر بەشێک لەخەڵکانی دەڤەری بادینان، لێی هاتنە وەلام بەبیانووی ئەوەی گەر ئەو پرۆژەیە سەر بگرێت گوایە شێوەزاری سۆرانی زاڵ دەبێت بەزیانی شێوەزاری ئەوان دەکەوێتەوە!

هاوکات ئەم داوایە بۆ خۆی بەزیانی کێشەکە دەکەوێتەوە، نەیاری زیاتری بۆ پەیدا دەبێت. دەکرێت ئێمە هەر کوردستانە خاوەن بڕیاری خۆمان بین، هەوڵ نەدەین ئەوانی تر بەهەر بیانوویەکەوە بێت، ڕابکێشین بەدوای خۆماندا.

لەکورتی ئەم هێژایە هەرچ بابەتێکی لەسەر زمان بڵاوکردبێتەوە خوێندومەتەوە، تا ئاستێکی بەرز هاوبیربووم لەگەڵیدا. ئەوە، ئەوە لەبری زۆر نووسەری پایەبەرز و خەڵکانی دی دەنووسێت، بۆتە زمانحاڵیان.

ڕۆژی 2007.11.27 لەماڵپەڕی کوردستاننێتدا، بابەتێکی بەناونیشانی (**کە دارا دوو داری دی لەدیاربەکر و قامیشلووش خوێندرا، داوای دەوڵەت بکەن**)* بڵاوکردۆتەوە. بابەتەکە هەر لەو بازنەیەدا دەسووڕێتەوە، بەدواداچوونێکە بۆ بەیاننامەیەکی (**کۆمەڵەی لاوانی نەتەوەیی ئەیرەقیب**)، لەوێدا داوا کراوە، کورد لەژێر یەک ئاڵای کوردایەتیدا خۆی ڕێکبخات دژ بەنەیارانی..

نووسەری هێژا، وەک لەناونیشانی نووسینەکەیدا بەدەردەکەوێت، دەفەرمووێت، دەبێت زمانێکی ستاندارمان هەبێت، ئینجا شتی لەوە گەورەتر داوا بکرێت. زۆر دوور دەڕوات، دەیەوێت ئەو زمانە یەکگرتووە ستانداردەی کوردستانی باشوور، لەدیدێکی کوردستانیەتی گەورەوە فەرز بکات، بێ هیچ لێکدانەوەیەکی لۆجیکیانە! ئاخر وەک پیاوە پیرەکان دەبێژن خوا ئیمانت بداتێ، لەباشوور هێشتا هیچ نەبووە ئەوە کرمانجەکانی دەڤەری دهۆک، لەملاشەوە هەورامییەکانی ناوچەی هەورامان قووت بوونەتەوە، ئێستا تۆ دەفریت و دەدەی لەشەقەی باڵ بۆ کوردستانی باکور و ڕۆژئاوا! دەتەوێت ئەوانیش بێنیتە سەر ئەم ئایینە! ئەم داوایە پێچەوانە دەکەوێتەوە، دوژمن زۆر کردنی لێدەکەوێتەوە! وا باشترە لەپێشدا ئەندامانی ماڵی خۆت ڕازی بکەیت، ئینجا ئەوانی تر یان بەجۆرێکی دی و ژیرانە تر دەبێت، خۆیان بڕیار لەسەر ئەو کێشەیە و کێشەکانی تریان بدەن.. 2007.11.27

--------

بۆ ئاشنا بوونی زیاتر، تکایە سەردانی ماڵپەڕەکەم بکە:

http://abas.shiwan.googlepages.com/home

*** تکایە بڕوانە ئەم لینکە:**

**http://kurdistannet.info/2007/11-2007/27-11/kedara.pdf**